# ببورن سیخوڕە بەڕێزەکان..!

نامیق عبدالله
namiq80@yahoo.com

لەپاش بڵاوبونەوەی لیستی سیخوڕەکانی بەعس لە ساڵی 2003 و پاشان لیستەکانی دوو ژمارەی ڕابردووی هاوڵاتی و ئاوێنە ، هەڵایەکی گەورەی لەناو ڕاگەیاندن و خەڵک دا دروست کرد کەبوە باس و خواسی زۆرێک لەخەڵک و بەتامەزرۆوە عەودالی کڕینی ئەو دوو هەفتەنامە بون تا ئاستێک چەند جارێک چاپ کرانەوە ! .، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کەهەر دوو جارەکە بەچەند ڕونکرنەوەیەک کەتێیدا خۆلێبەریکردن یان بەساختە لەقەڵەم دان یان بە تاکتیکی لەقەلەم دان کۆتایی دێت !!. نەمان بینی ببێتە بابەتێکی جدی و تەنها لەبەر خەڵکیش بێت چوار لەو سیخوڕانە بدرێنە دادگا !. هەرچەندێک سیخوڕبون لەوفایلانەدا کەسانێکی تیابێت کە بەمەبەست سیخوڕبوبن یان ناوهێنانیان بۆ مەبەستێکی تر لەلایەن موخابەراتەوە نوسرابن ، زۆر بێمانایە چیدی ئەم مەسەلەیە خامۆش بکرێت و واتێبگەین هەموو هەر تێکۆشەرن !، و سیخوڕبون لای ئێمە وجودی نەبێ . گەر ئاوڕێک لەمێژووی تاڵی دەسەڵاتی بەعس بدەینەوە بەڕونی دیارە تاوانێک نەبوە بەعس ئەنجامی بدات بێ ڕێپیشاندەری سیخوڕە کوردەکانی ، ماڵە پێشمەرگەیەک نەبوە بۆیان دەست نیشان نەکردبن ، دێیەک نەسوتێنراو ەوئەنفال نەکراوە ئەوان ڕێچکە شکێنی نەبوبن . سەدان تاوانی تر کەلەباس کردن نایەت سیخوڕە کوردەکان هاوبەش و هاو سود بون تیایدا . ئیتر بۆ بەو شێوە سادەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ، گەر لێخۆشبونی بەرەی کوردستانی لەساڵی 1991 تاکتیکێکی عەسکەری و سیاسی بووبێ خەڵکانێک هەن پاش ئەومێژووە دەستیان داوەتە سیخوڕی !، بەڵام ئەگەر لێخۆشبونێکی هەتایی بێت (عفاالله عما سلف ) !
ئەوا چیدی با باس لەسەدام و دارو دەستەکەشی نەکرێت چونکە وەها لێخۆشبونێک ئەوانیش دەگرێتەوەو با سخیوڕ بەسەرکراوانیش بڵێن ببورن سیخوڕە بەڕێزەکان
ئێوە لەگوڵ کاڵتر نین !!.